www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-9-2006 23:58

## چات و پات ... عەبدوڵلا ئەحمەد گەرمکی

خورماتوو
www. abdullagermiki@yahoo. com

لەوانەیە گەر کەسێك لەناوچەی گەرمیاندا دانەنشتبی و یان ئەو ئاخاوتنە تایبەتیانەی ئەم دەڤەرە نەزانی بڵێ ئەوە زانیم چات یانی گفتوگۆ کردن ئەی پات مانای چییە، ووشەی چات لەناو چڤاکی کوردەواری خۆماندا پتر لەم ساڵانەی دواییدا فێری ئەو ووشەیە بووین ئەمەش بەتایبەت لەلای ئەو کەسانە کە ئەنتەرنێت بەکاردێنن. وەك دەزانرێت ئەم تەکنەلۆژیایە زۆر نییە هاتوەتە ناوچەکەمان هەربۆیە جاری سەرتاین لیی. ئاشکرایە بە هۆی ئەو سیاسەتە قرێژەوە کە لەکوردستاندا هەمیشە لەلایەن ولاتە داگیرکراوەکانی سەرمان نەیانهێشتوە ئاگامان لەدونیای دەرەوە هەبی ئەوەبو ساناترین مافی ئاسایمان بەکار هێنانی ئەم تەکنەلۆژیانە بوون لەوانە سەتەلایت و ئەنتەرنێت موبایل.. تاد. بەڵام ئێستا کە ئەو ئامێرانە بوونیان هەیە لەکوردستاندا ئایە ئێمە تا چەند توانیومانە سودی لی وەرگرین. دیارە ئەمەش مەبەستی سەرکی منە. بێشك ئەو ئامێرانە هەرهیچ نەبی تا رادەیەکی زۆر سود بەخش بوونە گەر بلێن باسی سەتەلایت کەین ئەوە تا رادەیەکی زۆر ئاگامان لەدونیای دەرەوە هەبوە. موبایلیش زۆر کار ئاسانی بۆ کردوین ئەمە لایەنە پۆزەتیفەکانی بەڵام دیارە لایەنە نێگەتیفەکانی زیاترە بەداخەوە. گەر ئاگاداربین زۆر جار لەسەر رووپەلی رۆژنامەکان یان لەولاوئەملا باس دەکرێت یان ئەوەی کەوەك خۆمان بینیومانە مۆبایل بوتە بەڵایەکی گەورە لەو دەمەی کەبوونی هەیە لەکوردستاندا تا هەنووکە چەندین کچ و کوڕ بونەتە قوربانی. ئاشکرایە عەقلیەتی زۆرینە تقبولی ئەوە ناکات کە خوشکەکەی یان دایکەکەی لەگەڵ کەسێکی نامۆدا بئاخفی و قسە بکات گەر مەبەستیانیش کاری خراپە نەبی بەڵام هەر بەعیبەو خراپە تەماشای دەکەین.

ئەوە ئەنتەرنێتیش زۆربەی ئەو کەسانە بەکاری دێنن بۆ چاتکردنیانە یانی گەر سەردانێکی سەنتەرێکی ئەنتەرنێت کەی ئەو دیاردەیە بەچاوی خۆت ئەبینی. وەك نێچیر لەناو روومەکاندا دەگەرێ بۆ ئەوەی کچێك بناسێت. من لێرەدا باسی حلەتێکتان بۆ دەکەم رۆژێکیان لەماڵەوە بووم ئێشێکی زۆرم هەبوو لەسەر ئەنتەرنێت تەماشا کرد خەتەکەمان نییە براوە هی ماڵەوە ئیدی ناچاربووم کە بچمە بازاڕ بۆ یەکێك لەسەنتەرەکان تاوەکو کارەکەم ئەنجام دەم کاتێك چومە ژورەوە تەماشام کرد موقۆ موقۆیەکە مەپرسە سەرەتا خەریك بو پەشیمان ببمەوە دانەنیشم بەڵام دواتر ووتم دەی گەنجن بەڵکو بی دەنگ بوون. بۆ ئەوە ی بەباشی کارەکم ئەنجام دەم ئیدی دانیشتم سەرقاڵی هەندی بابەت بووم لەسەر ئەنتەرنێتەکە خەیاڵم لای ئەوان نەما لەپڕ سەیرم کرد بو بەهەرا چومە نزیکەوە تاوەکو تێبگەم بۆ بو بە هەرا سەیرم کرد دوو کوڕیهەرزەکارن ئەمەیان لەگەڵ ئەوی تر بوە بە شەڕیان. بلێن لەسەر جی لاوانییە باوەر نەکەن. لەسەر ئەوەیان بوو کە ئەمەیان کچێکی ناسیوە ئیمێلەکەی لای خۆی نوسیوە خەریکی چات کردن بو لەگەڵی ئەمیش چوە ئەو ئێمیلەی دزیوە یانی هی کچەکە لەناو ئێمێلەکەی خۆی نوسیویەتی لەو کاتدا کەئەو چاتی لەگەڵی دەکرد ئەمیش هاتبوە ناو ئیمیلی کچەکەوە قسەی لەگەڵیدا دەکرد دواتر تومەزە کوڕەی هاورێی بەدەم خۆی گوتویەتی ئەو ئیمێڵەم لێت دزی. شەڕەکەیان بەهۆی ئەوەوەبو.

تا ئێستاش پێم وابی چاتەکەتان زانی بەڵام پاتەکەتان بۆ روون نەبوەتەوە لەناوچەی گەرمیاندا بزەبت لەخورماتوو دەوروبەری بۆ نمونە کەسێك گەر قسەی هیچ و پوچ بکات جاروبار پی دەڵێن دەقسەی چات و پات مەکە یانی قسەی لابەلا مەکە جا ئێستا ئەو کەسانە کە ئیش و کاریان بوتە چات کرد باوەڕکەن هەمووی قسەی چات و پاتە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ماوەیەکە لەکوردستاندا دەڵێن گەنجانێکی زۆر

هەن لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە زەواج دەکەن یان کچ دەناسن و لەو بابەتانە ئەمەش بوەتە هاندەریان بۆ ئەوەی سوربن لەسەر ئەو کارە ناشیاوە. ئەمانەش پتر هۆگری بونە سەیرەکە لەوەدایە ئەم دیاردەیە تەنیا لاوان بەکاری ناهێنن بەڵکو زۆر هەیە تەمەنیشی گەورەیەو هەر بەو کارە هەڵدەسی.
لەکۆتایدا هیوادارم کە ئەو تەکنەلۆژیا نوێیانە ئەورۆکە بوونی هەیە لەکوردستاندا بتوانری بە شێوازێکی باش بەکاری بێنین باشترە چونکە ئەوانە مەبەستم ئەو ئامێرانەیە زۆر سود بەخشن.
لەقسەی چات و پات دەس هەڵگرن...